شەمری دەگاتە دەروازەی سنووری مونزرییە بە دەستبەرکردنی هاتنە ژوورەوەی زیارەتکارانی سەردانی چلە

ئەمە دووشەممە 21ی تەمموزی 2025، عەبدولئەمیر شەمری وەزیری ناوخۆ گەیشتە دەروازەی سنووری مونزرییە، لەچوارچێوەی ئامادەکارییەکان بە دەستبەرکردنی هاتنە ژوورەوەی زیارەتکارانی سەردانی چلە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی وەزیری ناوخۆ لە ڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کوتووە ڕایگەیاندووە: عەبدولئەمیر شەمری وەزیری ناوخۆ، سەرکی لیژنەی باڵای ئەمنی بە زیارەتی ملیەنی ، گەیشتە دەروازەی سنووری مونزرییە بە پەداچوونەوە بە پشکۆتنی ئامادەکارییەکانی دەستبەرکردنی هاتنە ناوەوەی زیارەتکارانی سەردانی چلە و بە خستنەڕووی پلانی ڕەکخراوەیی و هەماهەنگی".

ئاماژەی بەوەشکرد، "شەمری سەرکی لیژنەی خزمەتگوزاری و فەرماندەی هێز وشکانیەکان و ژمارەیەک سەرکردە و ئەفسەری ئەمنی یاوەری بوون و لەلایەن پارێزگاری دیالە و فەرماندەکانی ئەپەراسیۆن و پۆلیسی پارێزگاکەوە پێشوازی لێکرا".

وتیشی، "لەگەڵ گەیشتنی وەزیر، دەروازەی مونزرییەی بەسەرکردەوە بە بەدواداچوونی هەموو ئامادەکارییەکانی دەروازەکە بە پێشوازیکردن لە سەردانکەرانی هاتوو".